لەکاتی پێشکێشکردنی بەشوازییەکی گەرم لە لیۆنێل مەسی کرا لەلایەن هەندێرانی ئینتەر میامی

یاریزانی ئەرژەنتینی "لیۆنێل مەسی" پێشوازییەکی گەورەی لەکرا لە ڕووسمی پێشکێشکردنیدا کە لەلایەن یانە نوێیەکەی ئینتەر میامییەوە بۆی ئامادەکرابوو لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە.

ئینتەر میامی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بەشێوەیەکی فەرمی واژووکردنی گرێبەست لەگەڵ ئەستێرەی جیهانی "لیۆنێل مەسی" ڕاگەیاند، کە لە پاریس سان جێرمانەوە گواستراوە.

لەکاتی پێشکێشکردنی، مەسی لەوتارێکیدا سوپاسی ئامادەبووانی کرد کە پێشوازییەکی گەرمیان کرد و گوتی: "دەمەوێت سوپاسی هەموو خەڵکی میامی بکەم بە ئەم پێشوازییە، لەو کاتەوەی گەیشتمە ئێرە زۆر دڵخۆشم کە لەگەڵتانم".

وتیشی، "دەمەوێت سەرکەوتن بدەستبهێنم و ئەم یانەیە بگەڕێنمەوە بۆ گەشەکردن".

هەروەها لە وتارەکیدا کە لە لاپەڕەی تویتەری فەرمی یانەی ئینتەر میامی ئەمریکی بڵاوکراوەتەوە، جەختی لەوە کردەوە کە خۆشحاڵە بە هەبژاردنی ئەم شارە و هەبژاردنی ئەم پێژەیە و کاتێکی خۆش لەم ئەزموونەدا بەسەر دەبات.